٢ی ئۆکتۆبەر، رۆژی جیهانی دژ بە توندو تیژی

رۆژی پێنجشەممە ٢ی ئۆکتۆبر دوهەمین ساڵڕۆژی ناو لینانی ئەم رۆژە لە لایەین رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو بۆ بە کار نەهێنانی زۆر و توندوتیژی! رۆژی جیهانی بەکار نەهێنانی زۆر بە هۆی رۆژی لە دایک بونی مهاتما گاندی[1] رێبەری ناسراوی هێندە کە بە شێوەی بەر پا کردنی میتینگ و خۆپیشاندانە جەماوەری و سەرتاسەریەکان بە بی بە کار هینانی زۆر و چەک و بە بێ دروست کردنی هێزی میلیشیا و چەکدار توانی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەی واتە هێندوستان مسوەگەر بکات و وڵاتەکەی لە ژێر مۆستەعمەرەی ئیستیعماری پیر واتە ئینگلیسدا دەر بێنێت. ئەم بڕیارە لە رێکەوتی ١٥.٠٦.٢٠٠٧ لە UNی نیویۆرک درا و ئەمساڵ لە چەندین وڵاتی جیهان تەرەفدارانی ئاشتی و دژە شەڕ و توند و تیژی ڕێزیان لەم رۆژە گرت و بە بەر پا کردنی میتینگ و خۆپیشاندان و لە زۆر شوێنیش بە هەڵکردنی مۆم و یا هەڵکردنی ئاگر و گرتنی بە دەستەوە، ئیوارەیێکیان لە ساڵدا و لە ٢ی ئۆکتۆبر بۆ ئاشتی و نەبونی شەڕ و زۆر و غەزەب بەر پا کرد و لە کاتی تاریک بونیش کەڵکیان وەرگرت و سیمبۆلی ئەم بۆنەیەیان دروست کرد.

ئەمساڵیش لە دوهەمین ساڵوەگەڕی ئەم رۆژەدا هەر وەک ساڵی پار لە وڵاتی سویسیش ئەم رۆژە لە لایەن هەوادارانی دژە شەڕ و دژە توندوتیژی و ئاشتیەوە بەر پا کرا و منیش هەر وەک پارێکە بە فەرمی لە لایەن سازماندەرانی میتینگەکە بانگهێشت کرابوم.

دیارە ئەم میتینگەی ئەمساڵ لە بەر ئەوەی کە بەس لە لایەن یەک رێکخراوی چکۆلەی سویسیەوە رێکخرابو، خەڵکێکی زۆر بەشداریان تێدا نەکردبو، بەڵام بۆ ئەوان ئەگەر چی زۆرتر بون و بەشداری زیاتری خەڵکانی دژە توند و تیژی گرنگە، بەڵام لە بەر کەم بونی خەلکیش پەکیان لە متینگەکە نەخستەوە و بەر پایان کرد.

شتێکی زۆر بە هەڵکەوت کە ئەمساڵ ڕوی دا ئەوە بو کە رێک لەو کاتەدا کە کۆمەڵەکە ئاورەکانیان هەڵکرد و سیمبۆلی ئەم رۆژەیان دروست کرد، چەند پۆلیسێک بە جل و بەرگی فەرمی پۆلیسیەوە ژنێکیان گرتبو (ئەم ژنە جانکی بوو و ئەلاقەی بە خەڵکەکەوە نەبو) و دەیانەویست ئەم ژنە بخەنە ناو ئوتومبێلی تایبەتەوە و بۆ پرسیار و ولام بیبەن بۆ دایرەی پۆلیس، بەلام ئەم ژنە سویسیە خۆڕاگری دەکرد و نەدەچوە نیو ئوتمۆبیلەکە و پۆلیسەکانیش دەیانەویست بە زۆر بیخەنە ناو ئۆتمۆبیلەکە و لەم گێرە و کێشە و هات و هاوارەی ژنەکە کە لە پەستاش قسەی ناخۆشی بە پۆلیسەکان دەوتەوە و دەگریا، خەڵکەکە ئاگادار بونەوە و هەمو بەرەو لای کێشەکە چون. بەر پرسی میتینگەکە کە ناوی دانییە چو بۆ لای پۆلیسەکان و داوای کرد کە ئەوان ئەو ژنە بەر بەن، با میتینگەکەی ئەمان نەشێوێت و ئەمان دژی توند و تیژین و ئەو کارەی پۆلیس مەحکوم دەکەن، بەڵام پۆلیسەکانیش دەیانەویست کاری خۆیان بکەن و لە بەر کامێرای خەڵکەکەش توند و تیژیەکەیان کەم کردەوە هێندێک ئارامتر بونەوە بەڵام تا کۆتایی هیچکەس هیچی بۆ نەدەکرا. ماوەیێکی پێچو کە ژنەکەیان بێدەنگ کرد و بە بەڵێن و وەعدە و بە خۆشی ژنەکەیان خستە ناو ئوتمۆبیلەکە و بردییان. دانیی دواییی میکرۆفۆنەکەی گرتە دەست و وتیی وەک بینیتان پۆلیسەکان توندوتیژیان بە کار هینا و ڕەنگە هێندێک کەس پێیان وابێت کە ئێمەش دەبو ئەو ژنە بە بە کار هێنانی توند و تیژی ڕزگار بکەین، بەڵام لەو حاڵەتەدا میتینگەکەی ئەمڕۆی ئێمە بێ مانا دەبو ئەگەر ئێمەش وڵامی توند و تیژیمان بە توند و تیژی بدایەتەوە، بۆیە لێی گەڕاین تا ببینین کە پۆلیسەکان چی دەکەن و بە خۆشیەوە ئەوانیش لە ترسی کامێراکانی ئێمە وازیان لە لێدانی ژنەکە و بە زۆر خستنیە ناو ئۆتمۆبیلەکە هێنا و ئەمە خۆی دەسکەوتی ئەمڕۆمان بو!

ئەمڕۆکە لە جیهاندا ئەگەر چی لە وڵاتە دیمۆکرات و ئازاد و پێشکەوتوەکاندا تا حەدێکی زۆر لە رێگای یاساوە بەر بە توند و تیژی گیراوە و لە کۆنترۆڵدایە، بەڵام ئەم دیاردەیە هەر ماوە و بە تەواوی بنبڕ نەکراوە و تەنانەت لە لایەن پۆلیسیشەوە هەر توند و تیژی بە کار دەهێنرێت و ڕەنگە هەر واش بمێنێت، چونکو توند و تیژی خو و ڕەوشە و دوایی ماوەیێکیش دەبێتە کولتور و لە ناو بردنی کولتوریش ئاسان نیە لە زۆر کەسیشدا ئەمە نەخۆشییە و بە ئاسانی لە کۆڵی نابێتەوە. لە وڵاتانی هەژارتر و دواکەوتوتر ئەم دیاردەی توند و تیژییە نە تەنییا کولتورە بەڵکو لە ناو خوێنیی مرۆڤەکانی و بە تایبەت پیاوەکانیدایە. کوردستان یەکێک لەو وڵاتانەیە کە دیاردەی توند و تیژی تێیدا زۆرە و ئەم کولتورە ناشیرینە بە داخەوە وا بە ئاسانیی بنبڕ ناکرێت یا خۆ نەکراوە،مەگەر ئەوەی کە دەوڵەتێکی یاسامەندی بەهێز لە کاردا بێت و وڵامی هەر توند و تیژییێک بە سزای قورس، نەک گرتن و لێدان، بەڵکو سزای قورسی ماددی و هێندێک سزایتر وەک لێسەندنەوە پۆست و مەقام و روتبە و دەرەجە و ئەم شتانە بدرێتەوە و ئەو کەسانەی کە توند و تیژی بە کار دێنن بەم شێوانە تەنبێ بکرێن و نەک بە لێدان و گرتنیان. گرتن تەنییا لە حاڵەتێکدا دەبێت کە ئەم کەسە لە باری ڕۆحی و ڕەوانیەوە تەواو نەبێت و ئەویش دەبێ بخرێتە کلینیکی تایبەتی پیزیشکی و لەوێ چاودێری بکرێت و هەول بدرێت لە کردەوەکەی ئاگادار بکرێتەوە و تێی بگەێندرێت کە چی کردوە. بۆ بە کار هێنانی توندوتیژی و قەتڵیش، جا ئەمە بە هەر دەلیلێکی شەرعی و ناشەرعیەوە بێت، پێویستە کە بکەرانی ئەو قەتڵانە بە سزای گرتوخانەی دور و درێژ مەحکوم بکرێن و هاو کات لە گرتوخانەش لە ژێر چاوەدیری پیزیشکی ڕۆوانیدا بن!

لە وڵامی ئەو پرسیارەی کە خۆ شەڕی چەکداری و پێشمەرگانەش لە کوردستان توند و تیژیە لە بەرانبەر توند و تیژیە نارەوا و دژە مرۆڤایەتیەکانی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، بۆ ئەوانەی کە باوەڕیان بە توند و تیژی نیە، چ وڵامێک هەیە کە بیدەینەوە؟

وڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، پێش لە وڵامدانەوە بەم پرسیارە چەند فاکتەری سەرەکیی و ئەساسیی هەن کە پێویستە لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت و وڵامی ئەوان لە پێشدا بدرێنەوە.

*یەکییان ئەوەیە کە ئایا رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان حازرن چەکەکانیان دەبنێن و چالاکی سیاسی دەست پێ بکەن؟

*ئایا ئەگەر ئەوان حازر بوون ئەم کارە بکەن واتە چەکەکانییان دابنێن، ئایا ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئەو ئازادیە پێویستەی کە ئەو رێکخراوەنە بۆ چالاکی سیاسیی پێویستییان پێی هەیە دەیان درێتی و ئەندامانییان ناخرێتە ناو سیاچاڵەکان و رێکخراوەکانییان مەمنوع ناکرێن؟

*ئایا بیر جیاوازی لای داگیر کەرانی کوردستان تەحەمول دەکرێت؟

*ئایا هەبونی ئوپۆزیسیون لە ناو ئەو وڵاتانەدا بە نەتەوەی جیاواز لە حاکمانی داگیرکەر یا خۆ ئایین و فەرهەنگ و کولتور و زمانیی جیاواز لە دەولەتانی داگیر کەری کوردستان، لە لایەن ئەو حکومەتانەوە تەحەمول دەکرێن؟

*ئایا بەندییە سیاسیی و مەدەنییەکانی ناو سیاچاڵەکانی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ئازاد دەکرێن و حەیسیەتیی ئینسانییان بۆ دەگەڕێتەوە و ئیتر لە بەر قسە کردنێک یا خۆ نوسینێک یا خۆ ماڵپەڕێک ناخرێنەوە زیندانەکان؟

*ئایا ئەم نەتەوە و ئایینە جیاوازانە لە پارلەمان و حکومەتدا بەشداری دەدرێن؟

*ئایا ئیزنی دانانی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تلویزیۆنی سەربەستییان پی دەدرێت؟

*ئایا فەرق و جیاوازی نەتەوە بالادەستەکان و نەتەوە ژێردەستەکان لە کوردستان تەواو دەبەن؟

*ئایا کەمینە ئەگەر تاقە یەک کەسیش یا خۆ یەک لە سەدیش بێت، هەر وەک زۆرینە مافیی دەدرێتێ؟ (لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە بە قەدەر زۆرینە بە کەمینەش بۆ نمونە کورسیی لە پارلەمان بدرێت، بەڵکو مافی بەشداری و کاندیداتۆڕی و کورسیی بە پێی دەرسەد و کەمیی و زۆریی خۆیان)

*ئایا سزای مەرگ لا دەبردرێت؟

*ئایا حکومەتە داگیرکەرەکان، ئەو وڵاتانە دێمۆکراتیزە دەکەن و یاساکانی بە پێی یاسا پەسەند کراوە جیهانی و نیونەتەوەییەکان دەگۆڕن؟

*ئایا ئایین لە حکومەت جیا دەکرێتەوە و سیستمیکی سێکولار دادەمەزرێت؟

*ئایا مافیی دانانی سەندیکا و رێکخراوە و تەنانەت ئازادی بەستنی قەراردادی کار دەدرێت؟

ئەم پرسیارانە و دەیان پرسیاری دیکە پیویستە کە وڵام وەربگرنەوە و تا کاتێک هیچ وڵامێکی موسبەت و یاسامەند بەم پرسیارانە نەدرێتەوە، مافیی چەک هەڵگرتن و پارێزگاریش بۆ گەلی کوردستان پارێزراوە و تەواوی دنیاش هاوار بکەت کە ئەم کارە، بۆ نمونە تیرۆریزمە، مادام کاریی پارێزگاری و ناساندنیی کێشەی گەلەکەیەتی و جار و باریش زەربەیێک لە ڕژیمەکان بدات و جار و باریش چەند تاوانباریک بە سزا بگەێنێت، مافێکی ڕەوایە و چەک دانانیش نە تەنیا پێویستە نیە بەڵکو بۆ حیفزی بەقا و مانەوە زۆر لازم و زەروریە و دانانی چەک بەمانای تەسلیم بونە و هیچی تر.

بەلام ئەگەر ڕژیمەکان ئاڵ و گۆڕییان لە خۆیاندا پێک هێنا و ئاڵ و گۆڕەکانیان جێگای باوەڕ خەڵک و بە تایبەت کەمینە نەتەوەیی و ئایینیەکان و ڕای جیهانی بوو، ئەو جار کوردیش با تەنیا چالاکیی سیاسیی و مەدەنیی بکات و چەکەکانیان دابنێن!

ئەیوب ڕەحمانی

rahmayub@yahoo.de

١٤ی ڕەزبەری ٢٧٠٨

فێرخوازان لەنێوان گۆڕان و دیفاکتۆی داسەپاودا

لای هەموان ئاشکرایە کە توێژی فێرخوازان بوونێکی گرنگ و کاریگەریان لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە، ڕۆڵی ئەکتیڤ و بەرچاویش لە بەرەو پێشەوەبردنی وڵاتدا دەبینن، رێبەرایەتی گۆڕانکاریەکانی سەردەم دەکەن، بەوهۆیەوە داهاتووی هەر کۆمەڵگەیەک بە بوونی رێژەی فێرخوازانەوە گرێدراوە. بۆیە زۆر پێویستە کە دەستەڵاتدارانی وڵات و خەمخۆرانی نیشتمان رێژێکی تایبەت بۆ فێرخوازان دابنێن و هەلی فێربوون و وەدەستهێنانی زانست و زانیاریان بۆ بڕەخسێنن، هەڵبەت ئەمەش لەرێگەی دابینکردنی پێداویستیەکانیانەوە مسۆگەر دەبێ.

ئێستا ئەگەر بۆ سەرەتای خوێندنی ئەمساڵ بگەڕێینەوە، دەبینن کە دەوامی فەرمی هاوکات بوو لەگەڵ نیوەی دووەمی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە، وەک عادەتیشە هەفتەی یەکەم بە خەمساردیەوە دەوامی فێرگەو پەیمانگەو زانکۆکان بەڕێوە دەچن، هەفتەی دووەمی خوێندنی ئەمساڵ خۆی لە جەژن نزیک کردەوە، بەوهۆیەوە هەفتەی دووەمیش بە خەمساردی و کەمتەرخەمیەوە تێپەڕبوو، ئەمەش کەموکورتی و کێماسی و گیروگرفتی زۆری لێکەوتەوە، فێرخوازان نەهاتنە سەر سکە، خویندنیش تایمی تەواوی خۆی وەرنەگرت، بۆ نموونە ئامادەیی **دانازی وێژەیی** کوران (لەهەولێر) کە پار ساڵ کراوەتەوە، وەکو پێویست دەوامی تیا نەکرا، بەتایبەتیش دەنگۆی ئەوە هەیە کە پۆلی چوارەمی ئامادەیی هەردوو هەفتەکە دەوامیان نەکردووە. بۆ بەدواداچوونی ئەم دەنگۆیە، پرسیارمان لە چەند فێرخوازێک کرد.

فێرخوازێک کە ئامادە نەبوو، ناوی بنووسرێ، گوتی: ' بەر لەجەژن پێیانراگەیاندین دوای جەژن وەرنەوە، بەڵام تا ئێستا دەواممان دەستی پێنەکردووە' ئەو فێرخوازە دەڵێ: 'گوایە مامۆستایی تەواوی وانەکانمان بۆ دابین نەکراوە، ئەمەش کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر ئاستی زانیاری و فێربوون دادەنێ، لە خوێندن ساردمان دەکاتەوە، لەکاتێکدا ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێکی گرنگ و زۆر بەباشی خۆمان بۆی ئامادە کردبوو!'

بەمەستی زیاتر بە دواداچون، سەردانی بەڕێوەبەری فێرگەکەمان کرد، بەڵام جەنابی بەڕێوەبەر ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەک لێدوانمان بۆ بدات، رەزامەندیشی نەدا تا قسەی هیچ مامۆستایێک وەربگرین. بۆیە دوای ئەوەی ئەو بەڕێزەمان بەجێهێشت، بەرەو پەروەردەی هەولێر رۆیشتین، بەهەمان شێوە ئەوانیش ئامادە نەبوون هیچ روونکردنەوەو لێدوانێک بدەن. دوای بینەوبەردەیەکی زۆر راشکاوانە پێیان گوتین کە چۆن رێگە دەدەین فەزیحەت و کەموکورتی خۆمان ئاشکرا بکرێت و بکەوێتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، گوتیان: 'ئامادەش نین ئێوە باسی لێوەبکەن' بۆیە بەناچاری بۆ لای بەڕێز مامۆستا **سەرهەنگ عزەدین مەلافەندی** سەرپەرشتیاری یەکەمی ئامادەیی پەروەردی هەولێر رۆیشتین، بەڕێزیان هۆی دەوام نەکردنی بۆ نەبوونی شوێنی پێویست گەڕاندەوەو رایگەیاند بەهۆی ئەوەی کە بینای فێرگەی **ئەختەری** کچان بەشێوەیەکی کاتی لە پارسالەوە لەژێر نۆژەن کردنەوەیە، ئەو هەفتەیە تەواو دەبێ و دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەوکات دەتواندرێ بە شێوەیەکی رێکوپێک دەوام بکرێ. سەبارەت بەوەی کە گوایە فێرگەی داناز مامۆستایان کەمە، گوتی: 'بەڵێ وایە! ئەمساڵ بە شێوەیەکی گشتی مامۆستا کەمە، بەڵام ئەو فێرگەیە مامۆستایان بۆ دابین کراوە، ئینشائەڵڵا لەم هەفتەیەدا دەوامی خۆیان دەکەن'

فێرگەی دانازمان بە نموونە وەرگرتووە، دەنا دەیان فێرگەی دیکە هەن کە کەموکورتیان هەیە، تەنانەت زۆرێک لە فێرخوازان گلەیی لەوە دەکەن کە وەزارەتی پەروەردە لە خۆڕاوە رێگەی بە لایەنی بەرژەوەندخواز داوە کە فێرگەی تایبەت بکەنەوەو بە پارە فێرخوازان وەربگرن. هەڵبەت ئەو فێرگە تایبەتانە رەوشیان لە فێرگەکانی دیکە باشترە، چونکە باشتر پێیانراڕادەگەن، بەڵام دەبێ پرسیار لەخۆمان بکەین کە ئایا کێن ئەوانەی کە دەچنە فێرگە تایبەتیەکان و خۆیان ناونووس دەکەن؟! ئایا منداڵی بنەماڵە کەم داهاتەکان توانای ئەوەیان هەیە کە بچنە ئەو فێرگانەو درێژە بە خوێندن بدەن؟!

ئایا لەکام وڵاتی جیهاندا هەیە کەسانێک لەخۆڕاوە بێن و فێرگە دابمەزرێنن و بە پارە فێرخوازان وەربگرن؟!

بۆنموونە ئەوەتا لە کوردستان ریکلام بۆ فێرگەی کامبریج دەکرێ و داوای ناونووسینی ٣٠ منداڵی ٥ ساڵانە دەکات، هەڵبەت وەزارەتی پەروەردە مۆڵەتی پێداوە، ئەو فێرخوازانە لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێدەکەن، ساڵانە پارەیەکی زۆریان لیوەردەگرن، باشە مافی خۆمان نیە کە لە وەزارەتی پەروەردە بپرسین کە ئایا ئەو فێرگەیە لەچەند وڵاتی جیهاندا فێرگەی تایبەتی کردۆتەوە؟! ئایا کرێی خوێندنی فێرخواز لەهەموو وڵاتەکان وەکو یەکە؟!

فێرگە تایبەتیەکان چەندە خزمەت بە پێشکەوتنی ئاستی خوێندن و زانست دەکەن، ئەوەندەش زیان لە گەشەی تێکڕای کۆمەڵگە دەدەن، چونکە منداڵی بەرپرس و دەوڵەمەندەکان چانسی ئەوەیان دەبێ بچنە ئەو فێرگە تایبەتیانەو بە ئاسانیش لە کۆلیژی دڵخوازی خۆیان وەربگیرێن و دواتریش دابمەزرێندرێن، بەڵام فێرخوازی بنەماڵە هەژارەکان لەو چانسە بێبەری دەکرێن، لە فێرگەی دەوڵەتی پڕ لە کێماسی دەخوێنن، بەوهۆیەوە چەندە خۆشیان ماندوو بکەن، هێستا بەختی وەرگرتنیان لە کۆلیژی دڵخوازی خۆیان بەبەراورد لەگەڵ فێرخوازی فێرگە تایبەتیەکان کەمترە، ئەمەش نابەرابەری و بێدادی زۆرتر دەکات، سەرنجام سوپایێکی نارازی بەرهەم دێ و دەنگی نەرێ بەرز دەکاتەوە، بۆیە باشتر وایە دەرفەتی وەکهەڤ لەبەردەم فێرخوازانی کوردستان بکرێتەوەو رێگە بە فێرگە تایبەتیەکان نەدرێ و رەوانەیان بکەنەوە.

ئامادەکردنی:
فەرەیدون بەرزنجی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com